شاندێکی دەم پارتی لە گرتوخانەی لە دوورگەی ئیمراڵی ئەستا لێگەڵ عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە کۆبونەوەدان

شاندێکی دەم پارتی لە گرتوخانەی لە دوورگەی ئیمراڵی ئەستا لێگەڵ عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە کۆبونەوەدان.

بێگومان ئەو زانیاریانەی میدیای تورکی ئاشکرایکردووە، بەیانی ئەمڕۆ شەممە، هەریەک لە سورەیان ئێندەر، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی تورکیا و پەروین بوڵدان، پەرلەمانتاری دەم پارتی لە پەرلەمانی تورکیا گەیشتوونەتە گرتووخانەی ئیمراڵی لەسەر دەریای مەرمەرە و ئەستاش لەگەڵ بوونەوەدان لێگەڵ عەبدوڵڵا ئۆجەلان دامەزرێنەری پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە).

ئەمەش لەکاتێکدایە، پێنجشەممەی ڕابردوو وەزارەتی دادی تورکیا، داواکارییەکی پارتی یەکسانی و دیموکراسیی گەلان (دەم پارتی) بە بینینی عەبدوڵڵا ئۆجەلان قبووڵکرد.

ڕۆژی 23ـی ئەم مانگەش دوای زیاتر لە دوو ساڵ و نیو، عومەر ئۆجەلان پەرلەمانتاری دەم پارتی و برازای عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە زیندانی ئیمراڵی چاوی بە ئۆجەلان کەوت.

ئەمەش هاوکاتە، دوو مانگ لەمەوپێش، ڕۆژنامەی "ئەل-مۆنیتەر"ی ئەمریکی لە زاری سێ بەرپرسی دەسیی کورد لەناو حکومەتی تورکیا ڕایگەیاند، "بە دەستپێکردنی پرۆسەی ئاشتی لەنێوان ئینقەرە و عەبدوڵڵا

ئۆجەلان دامەزرێنەری پارتی کرێکارانی کوردستان، هەنگاوی کردەوەیی بە وتوێژ دەستپێکردوە".

لە هەواڵی ئەلمەنیتەر کە پشبەستە بە بەرپرسانی حکومەتی تورکیا، ڕەگە بە عەبدوڵا ئۆجەلان دراوە وتوێژ لەگەڵ بەڕێوەبەرانی پێکەکە لە قەندیل بکات و هەر بەپێی هەواڵەکەی، "ئۆجەلان بە بەرپرس باڵاکانی پێکەکە ڕاگەیاندون، کاتی ئەو هاتوە دەربارەی دانانی چەک قسەبکەین".

شایەنی ئاماژەپێدانە، لە سەرتایی مانگی تشرینی یەکەمی 2024، دەخەکی نوێی سیاسی لە تورکیا هاتووتە ئاراوە، ئەوەش دوای ئەوە هات یەکی مانگی تشرینی دووەم و لە ڕۆژەسمی دەستپێکردنی ساڵی نوێی یاسادانان لە پەرلەمانی تورکیا، دەوڵەت باخچەلی، سەرکی پارتی مەهەپەی ڕەگەزپەرستی تورکیا چووە لای تونجەر باکرهان، هاوسەرکی دەم پارتی کوردی (هەدەپە) و پەرلەمانتارانی ئەو پارتە و تەوقەی لەگەڵ کردن و هەواڵی پرسین.

ئەو تەوقەیە باخچەلی لەگەڵ پەرلەمانتارانی دەم پارتی، مشتومڕێکی گەورەی لە میدیا ناوخەیبەکانی تورکیا درووستکرد، هەر بەوپەیە باخچەلی ڕایگەیاند: "لە سیاسەتدا هیچ شتێک نییە کە نەتوانین لەگەڵ کەس و لایەنێک گفتوگۆی لەسەر نەکەین و چارەسەری نەکەین، پەیوەندی سیاسییمان، شەوازی ڕەق یان نەرممان پەیوەست نییە بە کەسایەتی یەک بە یەکی تاکەکان، بەڵکو سنووردارە بە بیرکە و تواناکانی بیرکردنەوەیانەوە".

سەرکی پارتی مەهەپەی تورکی ڕەگەزپەرست ئاماژەی بەوەکرد کە وەک ئاشتی سەردانی ئیزی دەم پارتی باکووری کوردستان کرد و دەستی بە تەوقەکردن لەگەڵیاندا درێژ کرد. گوتیشی: "ئەو دەستەی بە تەوقەکردن درێژم کرد، پەیامی یەکیزیی نەتەوەیی و برایەتیمانە، چرای ڕووناکییە کە وەک مەشخەڵی یەکەم پەرلەمان و گوتارە بەهێزەکەی بەڕێز سەرۆک کەمارمان دەدرەوشێتەوە، هیوا و داواکاریە کە دەڵێت وەرن ببنە پارتی تورکیا، ڕووبەڕووی تیرەر ببنەوە، وەرن برایەتی هەزار ساڵە بچەسپێنن، ئەمە لە خۆوە بە بەهایانە، بەبەزاری و لە پەو بە بیرکردنەوە دەست بە تەوقە کردن درێژ ناکەین, ئەمە بەبە هەکار سەاو و تەوقە ناکەین".